# ئایا كوردسات بواری داهێنانی ئەدرێتێ

خالید مەجید فەرەج

بەلجیكا

لەو ڕۆژەوەی كە پەخشی ئەزموونی كوردسات دەستی پێ كرد زۆر بەی زۆری كوردەكانی تـــــاراوگە و بەتایبەتی ئەوانەی پەخشی تـــە لەفزێونی گەلی كوردستانیان لـــــــەوولات بینی بـــوو، یەكێك لەوانە بەندە بوو، كە چەند ساڵێك لەوێ كارم كردبــــوو دەمـــان گووت دەبـاماوەی ئەو پەخشە تەواو ببێ جائەوكاتە ئەبینن ئەوكەناڵە لەڕووی چۆنێتیـــــەوە چ برەوێك بە هەموو بوارەكانی هونەری و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و ئەدات، بـــۆ نا ئـــەی تەلەفزێونی گەلی كوردستان ڕۆلی پێشڕ و و داهێنانی گەورەی نەبوو؟ ئـــەی كوردســــــات ڕۆلەی شەرعی ئەو تەلەفزبوێنە نییە؟ ئەی ئەو خەرمانە لەشارەزاییوو پسپۆرییەی كەلەوێـــــوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ كەڵەكە بووە بەحازری نایەتە بەردەستی؟ ئەمانەو جگە لەو ئیمكانیەتـــــە مادیە پێشكەوتوانەی كە ئێستا بـــۆی دابین كراوە لە ڕوی كامێرای چەشنی دیجیتـــــال و ستۆدێوی مۆدێـــرن و میكسەررو ڕووناكی و دەست گیرۆیی و یـــــــەكەی كۆنترۆلی نـــــــــوێ كە كۆمپیتەر ڕۆڵی سەرەكی تیا ئەبینێ ئەمە جگە لـــــــە بڵاوبـــوونـــەوەی سەتەلایت كـــــــە هاو وولاتی بە ئاسانی بەرنـــــامەكانیان ئەبینێ و بەتایبەتی ئـــــــەوانەی ســـــەرقـالـــــی پرۆگرام دروست كردنن لە كوردسات، چاوەڕوانی ئەوە بووین كە سوودێكی بـــێ ئەنـــــــدازە لەو هەلە وەربگیری بەتایبەتی لەكەسانێك كە بەرنامەكانی ئەو كەناڵە ئاسمانیانـــە پێشكەش دەكەن، دەبینن چ ئاستێكی بەرز لە ڕۆشنبیری و چەند ئامادەییان لـە دڵ و دەروونی بینەراندا هەیە لە بەرانبەر ئەوە ئێواران كە كوردسات ئەكەینەوە چی دەبینـــــین :

١. بەرنامەی منالان

بەشبێوەیەكی سەرەكی ئاراستەی مندالانی هەندەران ئەكـرێ ریتمێكی تاڕادەیەك خاوی هەیە لە گەڵ دەگمەنی بەرهەمی نوێ كە ناتوانێت موناڤەسەی ئـــەو پرۆگرامانە بكا كەمندالانی كورد لە هەندەران سەیریان ئەكەن و خۆشیان ئـــــــەوێ بەتایبەتی ئێستا زمانی ئەو وولاتانەی لێی نیشتەجێ بوون وەكو زمـــانی زگماكی، لێهاتووە بۆیان بـــۆیە ئەگەر سەرنج ڕاكێش نــــــەبێ ڕووی خۆیان وەرناگێڕن بەرە و ماوەی منالانی كوردی خۆزگە گرنگی تەواو بەوماوەیە بدرایە و بەرنامەی ئاسان و هەمەڕەنگ لەرێگەی كەسانێكەوە نمایش بكرێن كە توانای چوونە دڵی منالانیان هەیە، بۆ ئەوەی ئەو مندالانەمان كە دواڕۆژمان هی ئەوانە و چەندین شارەزاو پسپۆرییان لەهەموو بوارەكان دا لا دروست دەبێ پێش هەمووشتێك سوود بەگەلەكەی خۆیان بگەێنن و تەنها بەرنامەی منالان ئەتوانێ لەسەرەتای دروست بوونیانەوە تێیان بگەیێنی كە ئەوان كوردن و گەلەكەیان پێویستی بەتوانای داهاتووی ئەوانە، هەروەها ئەمەوێ ئاماژە بە دیاردەیـــــەكی سەیر بكەم ئەویش بەهەند نەگرتنی ئیش بۆمنالانە لەڕووی گۆرانی ومۆسیقاوە كەلەوە ئـــەچێ بەكارێكی ئاسان و سەرپێ ی سەیربكرێ و ئـــەوەی توانای دانانی ئاوازو مۆسیقای بۆ گەورە نەبوو باشترین شت مناڵە چاوگەشەكانە خۆی پێ تاقی كاتەوە و لـــەجیاتی دروشمی باهەر لــە منالیە وە دەستیان بگرین و فێریان بكەیــــــەن، باهەرلـــەمنالیەوە زەوقیـــان تێـك بدەیـن، بـــۆ ئەوەی لە گەورەییا بە گـــــــەرەنتی هی خۆمـــــان بـــــن و هەر لە بازنـــەی شاكارە كانمانا بخولێنەوە.

٢. بەرنامە سیاسی و ڕۆشنبیریەکان

ئەو جۆرە بەرنامانە هەروەکو لەناوەکانیانەوە دیارە، ناکرێ کەسانێك پێشکەشی بکەن کە کەمتر لە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێت لەو بوارەی کەبەرنامەکەی تیا ئامادە و پێشکەش ئەکەن سەرەڕای خەرمانەیەکی باش لە ڕۆشنبیری گشتی کە لەخزمەتی بەرنامەکە دابێت، لەگەڵ بەهرە یەکی تەواو لەکارکردن لە بواری تەلەفزیۆن و پێشکەش کردنی بەرنامەدا، تاوەکو بینەر ڕابکێشن و گوێی لێ بگرن. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە تاوەکو ئێستا ئەو بەرنامانە بەشێوەی پێشتر تۆمار کراو نیشان ئەدرێن لەگەڵ ئەوەشدا پێشکەشکەر بە لیستەیەك پرسیاری ئامادەکراوەوە بەرانبەر بەمیوانەکە دانیشتوە، پرسیار بە پرسیار ئەیخوێنێتەوە بە جۆرێك سستی ئەخاتە ناو ئەو پرۆگرامەوە کەتەماشاکەر لێی وەڕس ئەبێ و ئەچێتە سەر کەناڵێکی تر، کاتێ کە ئەدای پێشکەش کەرێکی خۆمان و یەکێکی کەناڵە ئاسمانیە عەرەبیەکان ئەبینم بێگومان ئەوەی لەمەڕ خۆمانم لەبەر چاو دەکەوێ، ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کەئێمەی کورد بێبەشین لە کەسانی بەهرەدار و ئاست بەرز لەهەموو بوارەکانی مەعریفە دا، بەڵام کێ بەر پرسیارە لەنادیاریان لە گرنگترین دەزگای ڕاگەیاندا؟ یان یەکێك دوو پرۆگرامی جیاواز لە هەفتەیەك دا پێشکەش ئەکا، کەبێ گوومانم لەوەی توانای چارەکە بەرنامەیەکیشی نیە، ئەم پرسیارە ئاڕاستەی کوردسات دەکەم ئایا ئەو کەناڵە ئەوە ناهێنێ خەڵکی لێوە شاوەی لەهەردو ورەگەزەکە (پیاو و ژن )بۆ دابین بکرێ، ئەی کوردسات ڕووی گەشاوەی ئێمە نیە لە هەمووندیادا. . ؟! ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ئەرشیفی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئەبینین بەماوەیەکی کورت دوای دامەزراندنی بەرنامەی زیندووی هەبوو، بەڵام ئێستا وا ساڵی دووهەزارمان تێپەڕاند تازە بەتازە بەرنامەی بەهەزار حاڵ تۆمارکراو نیشان ئەدەین، هەست ناکەن نەك هەر بەرەو پێشەوە نەچووین بەڵکو پارێزگاری داهێنانەکانیTV گەلی کوردستانیشمان نەکردوە؟ پێشکەشکەر ئەگەر نەتوانێ لەخۆیەوە داهێنان بکاو پابەندی ئەو تێکستە نەبێ، کە بۆی ئامادەکراوە ئیشێکی تری بدرێتی باشترە. . چونکە تاموچێژی بەرنامە لە پێشکەش کردنەکەیایەتی، نەوەك لەوکەسانەی لەپشت پەردەوە ئامادەی ئەکەن و بۆ ڕوخسارێکی گونجاو لەڕووی جوانیەوە ئەگەڕێن. بەرنامەکە پێشکەش بکا، کە ئەمە گەورەترین هەڵەیە لەبەرئەوەی بینەر سەیری بابەتەکە ئەکا نەوەك ڕوخساری قسەکەرەکە ئەوەی جێگەی داخە لەلای ئێمە لـــە جیاتی ئەوەی پێشکەشکەر لە خزمەتی پرۆگرامەکەدا بێت، پرۆگرامەکە لەخزمەتی ئەودایە. لێرەوە ئەشێ بپرسین ئەو پێوەرانە چین کە لە کوردسات دا ڕەچاوئەکرێن بۆ ڕێگەپێدان بە یەکێ پرۆگرام بۆ کەناڵی ئاسمانی دروست بکات ؟

٣. بەرنامە هەمە ڕەنگەکان

هەمان گیرو گرفتەکانی بەرنامە سیاسی و ڕۆشنبیریەکان لـــــەم بەرنامانـــەدا دەبینرێن نمونەی بەرنامەی بەخواستی ئێوە کە بەتاکید بە خواستی بینەر نیە پێشنیازم بۆ ئامادەکاری ئەوەیە ناوەکەی بگۆڕێ بۆ لەڕقی ئێوە، ئەرشیفی تەلەفزیۆنە کە ئـــــەوەندە گۆرانی تیدانیە تاوەکو بینەر تامەزرۆی گۆرانیەك بێت و بەنـــامە و ئیمەیـــل و فـــــاکس بە دوایا بگەڕێ، لـــە ڕۆژەکانی هەفتەدا ئەوگۆرانیانە دووبارە و سێ بارە دەبنەوە سەرەڕای ئـــەوە گۆرانیەکان بـــە دڵی TV ئامادەکراون، نـــــەوەك بـــەدڵی بینەران، ئـــەوەی لـــەو بەرنامەیەدا ئەبینرێ لەگەڵ ئەوەشدا کە تۆمارە هەڵەی بەرچاوی تیایە و نـامەکـــان بە حونجە ئەخوێنێتەوە ئەی ئەگەر بەرنامەکە ڕاستەوخۆ و بەبێ وەرقەبێ چی لـــێ بەسەردێ؟ بەرنامەی پشووی کوردسات کەچاوپێکەوتنە، لەگەڵ گۆرانی بێژاندا سەرکەوتوو نـــابێ ئەگەر کەسێکی شارەزای گۆرانی موسیقا ئـــامادە وپێشکەشی نەکـــا، یان لانی کـــەم ڕۆشنبیری گشتی لەو بوارە دا نەبێ، چونکە هونـــەری بەڕێوە بـــردنی حیوار لـــەو چەشنـــە بەرنامانەدا خۆشی و زیندویەتی ئەبەخشێ بەدانیشتنەکە، نــــەك لیستە پـــــرسیاری

له هەموو ئەڵقەیەك دا دووبارە بۆوە، كە ئەوەی جوانی بێ ئەی كوژێ و وەك ڕیتمێكی ناسازی دەیان جار دووبارە بۆوە لەسەر دڵی بینەر دای ئەكوتێ. هەروەها نمونەیەكی تری ئەو جۆرە پرۆگرامانە بەرنامەی سۆز ئاواز لە گەڵ ئەوەش دا، كە ئامادەكار و پێشكەش كەرەكەی خۆی مۆسیقی یە بەڵام سەركەوتوو نیە، لە گەیاندنی مەبەستی بەرنامەكە و زۆر هیلاكی پێوە دیارە لە دروست كردنی ڕستەكان و باس كردنی بابەتەكەی سەرەڕای ئەوەش دەرهێنەر، لەپێشی پێشەوەی شاشەكەوە دایناوە، بە پێچەوانەی ناوەرۆكی بەرنامەكەوە، كە ئەبێ قسەكەرەكە زۆر ئیسراحەت بێ بەڵام ئەو هێژایە لە بێژەریش زیاتر لە ئامادەباشیدایە، ئەڵێی خەریكە بەیانی ژمارە یەك ئەخوێنێتەوە، ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنی، كە بەهرە و زانست ئەبێ پێكەوە شان بە شانی یەكتر بڕۆن. هەروەها ئەمەوێ ئامارە بۆ ڕستەیەك بكەم كە لە زۆر لەم جۆرە بەرنامانەدا بەرگوێ ئەكەون، ئەویش (ئاشقانی بەرنامەی فلان وەیان دەنگی فیسار)ە، ئەكرێ بپرسین ئایا ئەو بەرنامەیە وەیان دەنگی ئەو گۆرانی بێژە ئازیزە وای لێهاتووە بینەران عەشقی بن و ببنە دەروێشی؟خۆئەگەر سەرنج بدەنە تایتلی بەرنامەی (نهێنیەكان پێكەوە بوون ) كە ووتەی چەند بەڕێزێكی هەڵبژاردووە و دیارە لەهەموویەوانەی تری پێجوانتربوون و كردوونی بە پێشەكی بەرنامەكە و بەردەوام وەكو ووتە بەنرخەكان دووبارە ئەبنەوە بەڕێزێكیان ئەڵێ زەواج لای من(رەكیزە ترین ستوونە) ئەمە لەجیاتی ئەوەی بڵێ بەهێزترین ستونە، رەكیزەی بەكارهێناوە، كە عەرەبیە و هەرمانای ستوون ئەگرێتەوە بەو پێیە دەبێ( بەستوون ترین ستوون). ئالێرەدا ئاستی ڕۆشنبیری ئامادەكار دەرئەكەوێ. ئایا چەند ئاگاداری هەڵەكانە هەروەها ڕۆڵی دەزگاكە لە ئاگادار نەبوونی لەو هەڵانە، كە وابزانم زیرەكیەكی وای ناوێ بۆ پەی پێ بردنیان و ڕاستكردنەوەیان. بەرنامەیەكی تر كەجێگەی سەرسوڕمانە نازنین ئەو پەیامە چیە. . ؟ كە ئەیەوێ بیگەێنێ مەبەست لە بەرنامەی( مواریەكانی كوردسات)ە، كە باس لە بەرنامەكانی كوردسات ئەكات و بەمرواری شوبهاندوون. ئێمەش هەموو ئاواتمان ئەوەیە لە مرواریش بەهادارتربن، بەڵام ئێوەش لەگەڵ مندا نین، كە مرواری پێویستی بە بانگەشە نیە و خۆی گوزارش لە خۆی ئەكات بڵێی بینەرانی كوردسات نەتوانن مرواری لەغەیری مرواری جیابكەنەوە؟ TV وولاتان دەیەهاپرۆگرامی موعتەبەریان تیایە و بە هیچیشیان ناڵێن مرواری و بەرنامەی تایبەتیشیان بۆدروست نەكردوون و بینەرانیش بەپەرۆشەوەن بۆ سەیر كردنیان و گوێ لێ گرتنیان. بەرنامەیەكی تر، كە ناوی(ژیانی كێویە لە ئەمەریكا) و ماوەیەكی باشی لەپەخشەكە داگیركرووە و بە بێئەوەی هیچ بینەرێكی كورد لەهەندەران سەیری بكا، چونكە لەوجۆرە بەرنامانە لە تەلەفزیۆنەكانی تاراوگەدت هەن و لە ڕووی وێنەو قسە لەسەر كردنیشەوە لەوەی لەمەڕ خۆمان چەندقات باشترن. لەبەر ئەوە ئەگەر توانا هەبێ ژیان و سروشتی كوردستان نیشان بدرێ باشترە، لەبەر ئەوەی تەلەفزیۆنەكانی ئەم وولاتانە كوردستان نیشان نادەن، ئەگەر هەر ناشكرێ دڵی ئامادە و پێشكەشكەرەكەی برەنجێنین با ئەو بەرنامەیە بچێتە TV ناوەوەی وولات، خەڵكی ئێرە تامەزرۆی بینینی كوردستان وماوەی پەخشەكەش ئەوەندە نیە، كە بەشێكی باشی بەكێوو چۆلەكەكانی ئەمەریكاوە بەسەر ببرێ.

سەبارەت بە بەرنامەی( خەندەی گەردوون )ی بەڕێز ئایار فەلەكی، كە نازنم ئەم نازناوەی لە پای چی بۆخۆی داناوە بڵێی لەپێش (یوری گاگارین و نیل ئارمسترۆنگەوە) سەفەری ئەفلاكەكانی كردبێ بۆیە ئەوان ئەم نازناوەیان نەتوانیوە بۆخۆیان دابنێن؟ سەرەڕای ئەوەش ئەوكەسێكی ئەوەندە بەئەزموون نیە تاوەكو بڵێین قاڵ بووی بابەتەكەیە و ئەتوانێ وا لە بینەر بكا چاو لەسەر بەرنامەكەی هەڵنەگرێ تامەزرۆی ئەوڕۆژە بێ۔ كە ئەڵقەی ئایندەی تیا پێشكەش ئەكرێ. ئەم بەرنامەیە ناڵێم زەرور نیە بەڵام (TV)یەك ماوەی پەخشەكەی شەش سەعات بێ زۆرنیە. . ! سەعاتێكی ڕەبەقی بۆ خەندەیەك بێت، كە خوا خۆی ئەی زانێ كەی ئەگاتە ئێمە؟ هەروەها( بەرنامەی چاوەكانی سەردەم) لەگەڵ ئەوەش دا كە پرۆگرامێكە شایەنی ئەوەیە، چاودێری كاتی دابەزینی بێت. بەڵام لە ڕووی پێشكەشكردنەوە لاوازە. پرسیارەكان

له ودیوی کادره‌وه ده‌نگیان دێ ئه‌مه له‌وشێوه چاوپێکه‌وتنانه ئه‌چێ که‌بۆ ئیعتراف کردنی سه‌ر ته‌لـــــــه‌فزیۆن، که‌سێکی ڕژێم ئه‌نجامی ئه‌دا که نهێنی بوو بۆ ئه‌وه‌ی نه‌ناسرێت، ئه‌ی له‌م به‌رنامه‌یه پێشکه‌شکه‌ر بـــۆ جوان و زه‌ریف له‌گه‌ڵ میوانه‌که‌دا دانانیشێت و به‌شێنه‌یی پرسیاره‌کانی خۆی لێ‌بکا؟ بـه‌بێ تێکدانی ڕه‌وتی بیرکردنه‌وه‌ی میوانه‌که و قسه پێ برینی چونکه ئه‌و هێژایانه چوونه‌ته ساڵه‌وه و به‌ئاسانی بیره‌وه‌ریه‌کانیان نایه‌ته‌وه به‌رده‌ستیان، ئه‌وه‌ی جێگه‌ی سه‌رسوڕمانـــــه یه‌کێك کامێرا له هه‌موو زاویه‌کانه‌وه به‌دوایه‌وه‌تی وێنه‌ی ئه‌گرێ یه‌کێکی تـــــــــریش له هیچ گۆشیه‌کی کامیراکه‌وه، دیار نی‌یه وهه‌ردووکیشیان به‌رنامه‌یان، هه‌یه ئه‌مه ئه‌وه‌نـــــاگه‌یێنێ که‌ئێمه مام ناوه‌ندیمان نیه و له ته‌له‌فزیۆنیشدا یان ئه‌م په‌ڕین یان ئه‌و په‌ڕ. هه‌ر لــــــــه‌م ڕوانگه‌ویه‌وه ناکرێ ئاماژه به به‌رنامه‌ی(زێدی من) نه‌ده‌ین که یه‌کێکه له‌و به‌رنامانه، ئه‌گه‌ر که‌سێکی خوێنه‌ری مێژوو به‌تایبه‌تی هی کورد پێشکه‌شی نه‌کات، ناتوانێت به‌ره‌نگـــاری ئه‌وئه‌رکانه بێته‌وه که مێژووی هۆزه‌کانی کورد ئه‌یخاته سه‌رشانی. ئێمه‌ی کورد ده‌مێکه ووتومانه نان بۆنانه‌وا و گۆشت بـــۆقه‌ساب بــــــه‌ڵام تـــائێستاش هه‌ر نــان ئــــــــــه‌ده‌ین به‌قه‌ساب وگۆشتیش به نانه‌وا، به‌رنامه‌یه‌کی ترکه له ژێرنـــاوی ٢١ بیست ویه‌کدا دا ئه‌به‌زێ، زۆر هه‌وڵم دا، بزانم ئه‌و ناوه‌ی بۆ لێ نراوه. یاری‌یه‌ك هه‌یه هی کاغه‌ز ووتم: ماقوڵ نی‌یه ئه‌و یاری‌یه بێت، دوای بیرکردنه‌وه‌یه‌کی زۆر گه‌یشمه ئه‌وقه‌ناعه‌ته که ئه‌بێ ته‌غـــار له بیست ویه‌ك بێت. واتا بیست ویه‌ك ئه‌ڵقه ته‌واو ئه‌کا و نامێنێ.

٤. گۆرانی‌یه‌کان:

زۆربه‌ی زۆریان ئه‌وه‌نده دووباره بوونه‌ته‌وه که تام وچێژیان له‌ده‌ست داوه و کۆتـــایی هه‌فته‌ش له‌لیستی به خواستی ئێمه‌دا لێ ئه‌درێنه‌وه، هه‌روه‌ها گۆرانی باش و خراپ تێکه‌ڵ بوون. گۆرانی بێژ له غه‌یری گۆرانی بێژ جیا ناکرێته‌وه تا گۆرانیه‌کی سه‌رکه‌وتــــــــــوو ئه‌بیستین بێ‌گوومان مه‌به‌ستم له ڕووی( شیعرو ئاوازو ئه‌دا)وه‌یه چه‌ندین گۆرانـــی لاواز ڕائه‌بوورن.

خۆزگه به‌رنامه‌یه‌کی تایبه‌تی بۆ ئه‌و گه‌نجانه‌ی له‌خۆیان ڕاده‌بینن گۆرانی بڵێن دروست ئه‌کرا، تاوه‌کو له‌وێوه باش و خراپ ده‌ربکه‌وتایه و به‌هره‌مه‌نده‌کانیــــــان له لایه‌ن مۆسیقی و ئاواز دانه‌ره‌کانه‌وه یارمه‌تی بدرێن، بۆ ئه‌وه‌ی بتوانن هه‌نگاو بـــه‌ره و ئه‌و بواره به‌سه‌رکه‌وتوویی بنێن، نه‌وه‌ك له پێشه‌وه له که‌نـاڵی ئاسمانی‌یه‌وه وه‌کـــوگـــۆرانــــی بێژێکی ته‌وا و ده‌ربکه‌وێت و پاشان بڵێین ئه‌رێ ئه‌وه کێ پاڵی پێوه ناوه گۆرانی بڵـێ؟ خۆ ئه‌گه‌ر باس له‌و گۆرانیانه بکه‌ین، که له هه‌نده‌ران دێنـــه‌وه، بـــه‌م دووایـیانه هه‌ندێ کلیپی ده‌ره‌وه‌ی ولات نیشان ئـه‌درێن گۆرانـی بێژه کورده‌که، به‌ده‌سته و دانــــه کچی جوانـی هه‌نده‌رانی، له‌ده‌وری خۆی ئه‌گێرێ، که ئـه‌مـه کاریگه‌ریه‌کی سلبی له‌سه‌ر کوڕانـی نـاوه‌وه‌ی وولات ده‌بێ و ڕه‌نـــــگه هه‌ندێـك وابـــــــزانن هه‌رکـــــــه‌سێ ڕووی لـــه خاریج نـــا، ئاوا چاوشینان تێی ئه‌وروکێن. نه‌خێر وانی‌یـــه ئه‌وانه ته‌نها بۆ وێنه گرتنه‌که هاتــــوون، که ته‌واوبوو هـــه‌ریه‌که‌یان بـــــۆلای ڕه‌فیقه‌کــــــه‌ی خۆی ئه‌چێته‌وه و حه‌مه بۆریش، بـــــــــه ته‌نیا بـــــۆ ماڵی خۆی، ئه‌وانه له به‌رچاوی کاڵی که‌س سه‌مانـــاکه‌ن سه‌عـاتیان ڕاگرتووه و بـــه پاره هه‌ڵـئه‌په‌ڕن، که‌لای ئـــــه‌وان ئیشێـکه وه‌کـــو هه‌موو ئیشه‌کانی تـــر، ئه‌وه‌ی که جێگه‌ی سه‌رنجه له‌وه ئه‌چێ گۆرانی بێژ له ڕێگه‌ی له‌ش و لاری ده‌رکه‌وتووی ئـــــه‌وکچانه‌وه یه‌که‌مین بیه‌وێ گۆرانی‌یه‌که‌ی سه‌رف کا و دووه‌مینیش نیشانی بــــراده‌ران و کوڕوکاڵی وولاتی بدات، که چه‌ند(مه‌رغوبه). هه‌ندێ گۆرانیش که له‌ولات وێنه‌گێراونسیناریۆ و ده‌رهێنانه‌که‌ی ته‌نانه‌ت ئاوازه‌که‌شی له‌گه‌ڵ ناوه‌ڕۆکی گۆرانیـــه‌که ناڕوا ئه‌بینی گۆرانی بێژ قوڕ ئه‌پێوێ، له ده‌ست غه‌دری چـــــــاوکاڵ و زه‌مانه، ده‌سته‌یه‌کیش لــــه‌ده‌وری خڕبوونه‌ته‌وه و سه‌رچۆپیان گرتووه یان کردوویانه به چه‌پڵه‌ڕێزان، عه‌ره‌ب ئـــــــه‌ڵێن(مصائب قوم عند قوم فوائد).

بـــه‌ڕێزان ئـــــه‌گه‌ر هه‌ر ڕه‌حمیش به بینه‌ر ناکه‌ن هیچ نـه‌بـێ به‌گۆرانی بێژه‌کەی بکه‌ن.

٥. دراماو مەشهەدە کۆمێدیەکان

دراما هی تـــازە زۆر دەگمەنن و ئـــەمەی دوایشیان کـــەزنجیرەی خەمی چۆلـــەکەکـــان بوو زۆری لـــەسەرووتراوە و کەمی لـــــەسەر نووسراوە، ئەوەی جێگەی داخە ئێمە ئێستـــاش بەعەقڵیەتی جارانی ژێردەستی ڕژێم بیرئەکەینەوە، بـــەردەوام ئـــەڵێن ئـــێمە هەقمان نیـــیە با یەکێکی تر بینوسێ، ڕا سلبیەکان زۆر زیاترن لـــە ڕا ئیجابیەکان، بـــەڵام هەر بـــــە حوکمی ئەو عەقڵیەتە کارگێڕانی ئەو ئیشە پەنا بـــۆ بیردۆزی موئامەرە ئـــــەبەن و ئـــەڵێن دراماکەمان سەرتـــۆپی هەموو کوردستانە و با ناحەزان و دوژمنانی ئیشەکەمان هـــەر لەورگی خۆیان بەن. من ئەڵێم خوای تـــەبارەك و تـــــەعالا ڕەحمی بـــــە جەمعی موسڵمـــــان و بەتایبەتی کورد کردووە، کەڕەمەزان سی ڕۆژە ئـــەگینا ئـــەگەر حەفتا ڕۆژیش بـــــوایـــــــە، ئەو مادەیە بـــە مۆسیقاو مەشهەدی عامی شار ئـەکشێنراو ئـــەبوو بەحەفتا ئەڵـــــــقە ئـــەو ئیشانەش، کە مەبەست لـــەوەیە کۆمێدی بـــــــن زۆریـــــان بـــێ نـــــاوەڕۆك و لاوازن سەرەڕای ئەوەی هەندێ جار ئەکتەری بـــە تواناش دەوریان تیا ئـەبینێ بـــەڵام نـــاتوانن ختوکەی بینەر بدەن بۆ؟ چوونکە نووسین بۆ ئەو بابـــەتە لە دراما سەنعەتە و هـــەرکـــــەسێ خۆی بە قۆشمە زانی نابێتە هەمزاغای کۆمێدیا و شۆرەسواری مەیدانی. چەنـــدین نووسەری بەناوبانگی کۆمیدیا هەن بۆچی نایەن و چیرۆکەکانیان زیـــــرەکـــــــانە ئامادەبکەن و بیان خەنە واقیعی کۆمەڵگای کوردەواری و نمایشیان بکەن. لـــــــەوانـــەی کە زۆر لەخۆمانەوە نزیکن (عەزیز نەسین)ە.

نموونەم بۆلاوازی یەك دووانێك لەو بابەتـە بەناو کۆمیدیانە (ئوتێلی کوردستان و موخەسەساتی قاوەڵتی)ە. کە هەمووشتێك بـــــوون، بەڵام کۆمێدی نەبوون، نازانم کاك مستەفا، کەخۆی ئەکتەرێکی بەهەق کۆمێدیـیـــــــە چۆن ڕازی ئەبێ لە دوای لانەوازان و چەخماخە و چەندین ئیشی سەرکەوتوی تر لە ئـــوتێل کوردستاندا دەورببینێ. . . ؟ هەروەها کاك( عومەری کەریم ئاغا)، من ئـــــەڵێم شەرت نیە ئەکتەر چەند دەربکەوێ شەرت ئەوەیە چۆن دەرئەکەوێ. . ؟ ئەگەر لە تـــەلەفزیۆن بـــەشێك بۆ پیاچوونەوە هەبوایە نالێم(ڕەقابەی سیاسی) بێگومان ئـــەوکارانە ڕایـــی نە ئـــــەبوون. . . !

لە کۆتایی دا هیوادارم وەك دڵسۆزێکی میدیـــای کوردی و بـەتایبەتی کوردسات، بـــــــاری سەرنجی خۆمم بەبێ ڕتووش دەربڕیبێ و هیچ بیروبـــۆچوونێکیش هەقیقەتی موتڵەق نیـــــــە وئەکرێ پێچەوانەی هەبێ و لەڕووی دیالۆگەوە، کە بـــەرزترین دیاردەی شارستانی بـــــوونـــە ووتووێژی دەربارە بکرێ. بۆ وەڵامی ئایا کوردسات بواری پێش کەوتنی ئەدرێتێ ئەڵێم بـــەڵێ بەمەرجێ ئەو بوارە بە فیڕۆ نەدەین و کەسی گونجاو لە شوێنی خۆیا دابنێین. ڕەنـــگە یـــەکێك بڵێ ئەی کوردسات هیچی باشی نەبوو باسی بکەی ؟ ئەڵێم بەڵێ هەیـــــــەتی و هیواداریشم ساڵی نوێی ساڵی بە خۆدا چوونەوە و دەرخستنی توانا و بەهرە کان بێت کەتأکیدم لـــەوەی ئەوکەناڵە زۆرلەوە زیاتر ئەتوانێ پێشکەش بەبینەران و بەناوەکەی خۆی بکات.